Dengekan

# بڕیارەکەی کۆنگرێس و هەڵوێستە سەیرەکان

**محەمەدی مشیر**

لە کاتێکدا کە بڕیارەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا سەبارەت بە دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی لە 2007/9/26 دا بڕیارێکی مولزەم نییە، دەنگۆی ئەو بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە تا ئەمڕۆ لە نێوەندە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و جیهان مشتومڕێکی زۆری خوڵقاندووە. بەپێی دوایین هەواڵەکان بێت پێنج فراکسیۆنی پەرلەمان کە بریتین لە : بەرەی تەوافوقی سوننە ، فەزیلە ، رەوتی سەدر ، دیالۆگی نیشتمانی و ئەلعراقیە، سەرباری هەندێ لە نوێنەرانی تورکمان و ئێزیدییەکان، رێك کەوتوون یەکدەنگ پرۆژەی (دابەشکردنی وڵات) رەتبکەنەوە.

لە لایەکی دیکەدا رەنگە خۆپارێزی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بە سەرۆکایەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم (کە دیارترینی ئەو لایەنانەیە کە تا دوێنێ بانگەشەی فیدراڵیبوونی عێراقیان دەکرد) هاوکاتی هەڵوێستی مالیکی ( کە پرۆەکەی کۆنگرێسی بە کارەسات بۆ ناوچەکە و عێراق) وەسفکردووە ، لە هەڵوێستی هەموو لایەنەکانی دیکە سەرنج راکێشتر بێت.

بە هەر حاڵ هۆکاری سەرەکی لە هەڵوێستی تێکرای لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ناوخۆی عێراق بەرامبەر بە بڕیارەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا لە لایەکیان بۆ ئەو مەترسی و بەدحاڵیبوونە دەگەڕێتەوە کە لە راست سیستەمی فیدراڵی هەیانە، لە لایەکی دیکەشدا بۆ وابەستەبوونی ئەو لایەنانە دەگەڕێتەوە بەو پرۆژە ناوچەییەی کە لە لایەن وڵاتانی عەرەبی سوننە مەزهەبەوە بەڕێوەدەچێت ، لە کاتێکدا **نە توندڕەوانی شیعە ئامادەنە چیتر کەمینەیەکی سوننە حوکمڕانیان بکات، نە دەمارگرژە شوڤینستەکانی کەمینەی سوننەش رازینە دەسبەرداری حوکمڕانی زۆرینەی شیعە ببن، نە کوردیش ئامادەیە وەك سەردەمی رژێمەکانی پێشووی عێراق هەموو مافەکانی بکرێنە قوربانی ململانێی نێوان هەردوو لایەنی سەرەوە لە کاتێکدا دەستووری هەمیشەیی عێراق بڕیاری لە سەر فیدراڵی بوونی عێراق داوە.**

فیدراڵیزم بۆ وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین و هەمەڕەنگی وەکو عێراق باشترین رێگەچارەیە بۆ دەربازبوونی وڵات لەو ئاستەنگە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی تێکەوتووە، بە تایبەتیش کە زۆرینەی خەڵکی عێراق دەنگی بۆ ئەو سیستەمە داوە و لە دەستووری هەمیشەییدا چەسپاندوویەتی.

راستیەك هەیە پێویستە هەموو کاتێك رەچاوبکرێت، ئەو راستیە ئەوەیە کە پێویستە سیاسەتمەدارانی هەردوو لایەنی ناوبراو باش بزانن کە لە سەر زەمینەی واقعدا مەوداکانی پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی عێراقێکی بە زۆر دروستکراو، عێراقێکی پێکهێنراو دوور لە ویستی گەلان و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی ئەو چواچێوە زۆرەملێیە بەرتەسکتر بۆتەوە و ، هەرگیز بە خۆدزینەوە و چاوپۆشین لەو گۆڕانکارییانەی دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس نایەتەدی، بۆیە باشتر وایە هەموو لایەن و حزبە سیاسییەکان لە بەر رۆشنایی ئەو دەستوورە کاربکەن کە پێشتر دەنگیان بۆ داوە لە سەری رێککەوتن.

کاری تیرۆریستی و کوشتنی تایفی و پاکتاوکردنی یەکتر سیمایەکی دیاری عێراقی دوای بەعسە و کەمکردنەوە و ریشەکێشکردنی ئەو دیاردە قێزەوەنانە تەنها بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستیەی سەرەوە دێت بەمەرجێك عێراقی نوێ لە سەر بنەمای یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە دابمەزرێتەوە. مەترسی لە پرۆژەیەك کە مولزەم نییە جگە لە پاشاگەردانی سیاسی بەولاوە هیچی دیکە بۆ ئەو وڵاتە وێرانەیە بەدی ناهێنێت، لە کاتێکدا هەموو لایەك دەنگیان بۆ فیدراڵیەتی عێراق داوە. **دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر هەرێمەکاندا لە سەر بنەمای دەستووری هەمیشەیی تاکە زامنی دابەش نەبوونی عێراقە لە سەر بنەمای تایفەگەری هەروەکو باسی دەکەن، بەدەر لە هەرێمی کوردستان هەر کێشەیەك هەبێت ئەوا لەنێوان هەردوو لایەنی شیعە و سوننەیە و پێویستە خۆیان کێشەکانیان لە گەڵ یەکدا یەکلابکەنەوە، نەوەکو ئۆباڵی هەر پرۆژەیەك بخەنە ئەستۆی کورد.**